ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**تایبەتمەندی پەستان لە ویندۆزدا.**

نووسەر: @:

تایبەتمەندی پەستان لە ویندۆزدا.
پەستان = Compress/ing.
Compress بە واتای پەستان تایبەتمەندیەکی بەسوودە کە لە ویندۆز دا هەیە. سوودی ئەو تایبەتمەندیە ئەوەیە کە قەبارەی پەرگەی نێو بوخچەیەک یان دیسکێکی رەق لە ویندۆز بچووکتر بکاتەوە لەوەی کە هەیە، بۆ هۆی پێچینەوە و بەستنەوەیان.
ئامرازێکە کە رێژەی بەسوودی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دەبرێتە کار.
بۆ نموونە من لەم بابەتەدا چۆنیەتی پەستاندنی HardDiskی کۆمپیوتەر شی دەکەمەوە.
برۆ نێو My Computer پاشان کرتەیەک بەلای راست بکە سەر ئەو Hard Disk یان ئەو پارچەیەی کە دەتەوێ بیپەستێنی.




وەک لە وێنەی سەرەوە روونە، Compress Drive To Save Disk Space هەیە، بەلام چالاک نیە.
هەبوونی نەبوونی سوودی ئەو تایبەتمەندیە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت.
لە کاتێکدا سوودی هەیە کە لەو بوخچەیە یان HardDiskـەدا پەرگەی نەپەستێندراو پاشەکەوت کرابێت، بۆ نموونە وەک پەرگەکانی txt,doc,html و پرۆگرام و هتد، کە لە بنەڕەتدا نەپەستێندراون و بە چالاک کردنی ئەو خاڵەی سەرەوە ویندۆز دەتوانێ هەندێک قەبارەیان بچووک کاتەوە.
بەلام ئەگەر ئەو بوخچەیە یان HardDiskـە پەرگەکانی ڤیدیۆ و وێنەو دەنگ (رەنگاڵە) بە گشتیی تێدا پاشەکەوت کرابێت، تایبەتمەندی Compressing سوودێکی بەرچاوی نابێت، چوونکە پەرگەیەک کە MP3 بێت، ناتوانرێ قەبارەکەی لە رێی پەستاندنەوە بچووک بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت لە پرۆگرامێکی تایبەت بە دەستکاریکردنی پەرگەکانی MP3 جۆرا یەتی / Quality کەم بکرێتەوە و تەنیا لەو کاتەدا قەبارەی پەرگەکەش کەمتر دەبێتەوە.
بە کورتی/ ئەگەر بوخچەیەکت هەبێت کە سەدان یان هەزاران پەرگەی بە فۆرماتی txt یان doc تێدا بێت، پەستاندن زۆر بەسوود دەبێت و دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرچاو قەبارەیان بچووک کاتەوە.

بەڵام ئەگەر فۆرماتێک لە فۆرماتی پەڕگەکانی ڕەنگاڵە بێت، سوودی نابێت و جێبەجێ نەکردنی چاکترە.
بۆ ئەوەی Compressing لەسەر HardDisk جێبەجێ بکەیت، چالاکی بکە و پاشان Apply کرتە بکە.
پەنجەرەیەک دێتە پێشەوە کە بەم شێوەیە دەبێت،




یەکەم/ جێبەجێکردنی گۆڕانکاریەکانی لەسەر HardDisk یان پارچە بە تەنیا.
دووەم/ جێبەجێ کردنی گۆڕانکاریەکان لەسەر HardDisk، ژێربوخچە و پەڕگەکانی نێوی.
پێم باشترە کە دووەم بێت، بۆ ئەوەی ئەنجامێکی چاکتری هەبێت، پاشان OK کرتە بکە.
پاش جێبەجێ بوونی گۆڕانکاریەکان دەبینی کە HardDisk لە گەڵ نووسراوەکانیدا بە ڕەنگی سوور دەدەکەون.




نموونە/
بوخچەیەک بە قەبارەی 5.93 میگابایت پەڕگەی بە فۆرماتی txt لە خۆ گرتووە.




بۆ جێبەجێکردنی Compressing کرتە بکە سەر Advanced و پاشان Compress Content To Save Disk Space چالاک بکە و Apply کرتە بکە.

هەمان خاڵ وەک جاری پێشوو هەڵبژێرەوە.

پاش تەواوبوون دەبینین کە قەبارەی بوخچەکە بووەتە 1.48 میگابایت.




بەڵام ناتوانرێ ئەنجامێکی وەک ئەوەی سەرەوە لە سەر بوخچەیەک کە پەڕگەی MP3 لە خۆ گرتبێت وەدەست بێت. بۆ نموونە، بوخچەیەک کە بە قەبارەی 230 میگابایت پەڕگەی MP3ـی تێدایە.




تایبەتمەندی Compressing ـی لەسەر جێبەجێ بکە،




دەبینی کە قەبارەکەی زۆر نەگۆڕاوە و تەنیا 1 میگابایت کەم بۆتەوە.




واتە ئەبێ بزانرێ کە Disk Compressing لە سەر چ جۆرە پەڕگە و بوخچەیەک جێبەجێ دەکرێ.

کۆتایی.

ئاسۆ نادری Aso_Naderi@Msn.Com.

Oct 2005 13

**Chin Bar**
Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!

**Sagging Face Skin?**
Regain a More Youthful Appearance in 30 minutes! Learn More Now

Ads by Google